# گۆڕانکاری، دەنا دەبێت بڵێین، ساڵ بەساڵ خۆزگەم بەپار

کاوە ئەمین

گەلێک پەند و ئامۆژگاری و قسەی نەستەق هەن لە ناو زمانی کوردیدا کە گەلێک جار لە گەڵ ڕەوتی ڕوداو و گۆڕانکاریەکانی کوردەواریدا دەگونجێن، کورد وتەنی پڕ بە پێستی خۆیانن. یەکێک لەو قسانە ئەو پەندەی سەرەوەیە، کە باب و باپیرانمان بۆ وەسفکردنی ئەو ناخۆشیانەی کە هەرساڵ ڕوبەڕویان بۆتەوە بەکاریانهێناوە. مەرجیش نیە ئەو قسەیە هەر بۆ ڕوداوە سیاسیەکان کە ساڵ بەساڵ کارەستی خراپ و دژواریان بە دیاری بۆ گەلی کورد هێناوە، بەکارهێنرابێت، بەڵکو دەکرێت لەگەڵ ڕوداوە سروشتیەکان بۆ نموونە بارانی زۆر یاخود بەفر یانیش بە پێچەوانەوە نەبارینیان، بەکارهێنراوە. دیارە من لێرە مەبەستم ئەو ڕوداوە سیاسیانەیە کە جگەلەکارەسات خولقاندن هیچ خێر و بێرێکیان بۆ کورد نەبووە.

ئەگەر هەروا هاکەزایی چاوێک بەساڵی ڕابردوودا بخشێنینەوە، دەبینین کە تەنها خێرێک بۆ کورد هەیبووبێت، نەکردنی شەری کورد کوژییە لەلایەن پارتە جۆراوجۆرەکانی سەر گۆرەپانی کورستانی مەزن، دیارە بەچاوپۆشی لە کارە تیرۆریستیەکانی (جوندی ئیسلام) لە کوردستاند، چوونکە ئەوان کە خۆیان کردۆتە داردەستی دوژمن و بە فیتی ئەم لاو ئەولا هەڵبەزودابەز دەکەن، خۆیان لە برایەتی هەڵاواردووە. دەنا نەبووە منداڵی کورد فێر بکرێت بۆمبا لە خۆی ببەبستێت و لە سەیدسادق خۆی بتەقێنێتەوە، لەبەروارد لەگەڵ ئیسلامی خەڵکیدا کە دەچن لەماڵی دوژمندا خۆیان دەتەقێننەوە. ئیسلامی کورد تازە خۆیان بۆ جیهاد ئامادەدەکەن و منداڵی کورد دەنێرن لە ئەفغانستان جیهاد بکات، لە کاتێکدا لە کاولە وەتەنەکەی خۆیاندا هێشتا کورد مافی ئاخافتنیشی پێ ڕەوا نابینرێت، کەچی نە دەستیان تفەنگ دەگرێت و نە زمانیشیان دێتە گۆ.

ئاشتی نێوان پارتی و یەکیەتی و یەکگرتنەوەی پەرلەمان، پاش چەند جەولە لە شەری کورد کوژیی، هەنگاوێکی باش و بوێرانە بوو، بەتایبەتی ئەوەی کەداوای لێبوردنیان کرد لە گەلی کورد، ئەگەرچی ئەوە ناگاتە دڵۆپەخوێنێکی بەناهەق ڕژاوی منداڵێکی کورد لە شەری براکوژیدا، بەڵام کە کورد (وەفیق سامەڕایی و نزارخەزرەجی) عەفوو بکات، بەدڵنیاییەوە پاڵەوانانی شەری کورد کوژیش نەک هەر عەفوو بەڵکو گەردنیان لە تاوانەکانی پێشوو تریشیان ئازاد دەکات.

ئەوە سێ مانگ زیاترە شەکراوی ئاشتی نۆشکراوە بەڵام تا ئێستا بارەگاکانی پارتە سیاسیەکان هەر لەجێگای خۆیانن و شارەکانی کوردستان هەروەک جاران دوو پارێزگا و کوردستان خاوەن دەیەها وەزیر و گزیرە و حوکومەتی هەرێم تا ئەم چرکەساتانەش لەهەر وڵاتێکدا دوو نوێنەری هەیە.

هەڵبژاردنەکانی تورکیا و بەشداری کوردان، خاڵێکی تری گرنگ بوو کە لە ساڵی ڕابردوودا ڕویدا. بۆ جاری یەکەم لە مێژووی نوێی تورکیادا پارتە نەژاد پەرست و مافیا و کورد کوژەکان تڕۆ کران و کورد وتەنی بە بەرۆیەکی پیس کلکینا گیراو فرێدرانە دەرەوە، ئەوە بۆ کورد هەنگاوێکی دیرۆکی بوو. بەڵام کورد لە باکووری کوردستاندا کرایە قوربانی ئایدۆلۆژیایی نەزۆک، بەوەی کە تاکە پارتی کوردان (هادەپ) هەستا بە دروستکردنی بەرەیەک لەگەڵ چەند ڕێکخراوێکی چەپی تورکی کە هیچ پێگەیەکی کۆمەڵایەتیان لەناو تورک دا نیە، بەو کارەیان هادەپ دەنگێکی زۆری کوردیان لەخۆیان تۆران، بەتایبەتی لە ناو بەشە دیندارەکەی کوردا کە زۆرینەن، ئەمە جگە لەوەی کە کورد تا ئێستاش گرنگی هەڵبژاردن و دەنگدانییان بۆ هەزم نەکراوە، بۆیە ژمارەیەکی زۆر لە کوردان لە متینگەکاندا بە شداریان دەکرد بەڵام لەچاو ئەو ژمارەیەدا خەڵکێکی کەم دەنگی دابوو.

ڕوداوێکی تری گرنگ کۆبونەوەی بەرهەڵستکارانی عێراقی بوو لە لەندەن، کە لەڕاستیدا هێزی هەرە گەورە و بە کاریگەر بۆ داهاتووی عێراق و ڕوخاندنی سەددام کوردەکانن. بەڵام کورد وەکو پێویست نەیانتوانی کەڵک لە هێزی خۆیان وەربگرن و داخوازیەکانی گەلی کورد بسەپێنن. تەنها خاڵێکی پۆزەتیڤ لەو کۆنگرەیەدا بۆ کورد چەسپاندنی فیدراڵی بوو بۆ داهاتووەی عێراق لەلایەن کۆنگرەکەوە. بەڵام فیدراڵیەکەش چوارچێوەیەکی بۆ دانەنراوە، بۆیە دەبێت چاوەڕوانی مەترسی جۆری ئەو فیدراڵیە بکەین، کە نازانرێت چ جۆرە سیستەمێکە، ئەگەر

له سەر شێوەی جوگرافی نەبێت واتە سنووری بەشە کوردستانیەکەی ئەوە حوکومەتە دیاری نەکرێت، ئەوا لەهەموو حاڵەتەکاندا بە زەرەری کورد دەشکێتەوە.

بەراستی چاوەروانی ئەوە دەکرا کە کۆنگرە خەڵکانی تاوانباری وەکو (وەفیق سامەرایی) بداتە دادگا نەک ڕاوێژکار و دەسەڵاتداری حوکومەتی داهاتووی عێراق. بەراستی سەیرە، باشە لەناو ئەو هەموو عەرەبە عێراقیەدا، پیاوێک یان ژنێکیان تێدا نەبوو کە جێگای ئەو کابرا تاوانبارەی پێ پڕ بکەنەوە ؟

ئێستاش کە کەرەنایی جەنگی داهاتووی ئەمریکا لە دژیی عێراق گوێی دنیایی کاس کردووە، ئەمە لە کاتێکدا کە سەددام و داروودەستەکەی خەریکن بەوەش ڕازیی ببن کە پشکێنەرانی ( UN) تەنانەت ژێر جێگایی خەوتنەکانیشیان بگەرێن. درەنگ یان زوو شەڕەکە دەست پێدەکات. تورکیا لە هەمووان زیاتر خۆی بۆ ئەگەری ڕوداوەکان مەڵاس داوە و کورد وتەنی پێدەچێت بناوانەکەی باش کوتابێتەوە، بۆیە کەوتۆتە جموجوڵێکی دیبلۆماسی و سەربازی بەرچاو لە ناوچەکە و جیهاندا. ئاخافتنەکانی ئەم دواییەی مام جەلال لە تورکیا و لێدانی چرای سەوز بۆ هاتنی سوپایی تورکی بۆ باشوور جێگایی نیەگرانین. ئایا هەڵوێستی پارتی چی دەبێت لە بەرانبەر ئاخافتنەکانی مام دا، چوونکە هەموومان باش دەزانیین هاتنی سوپای تورکی بۆ باشوور لە بادینانەوە دەست پێدەکات، ئایا ئەو هەڵوێستەی مام جەلال لەگەڵ بەندەکانی ڕێکەوتنەکانی نێوان ئەوان و پارتیدا یەکدەگرنەوە ؟ لەکاتێکدا کە بەرهەڵستکارانی عێراقی بە ( پارتی و یەکیەتیشەوە) یەکپارچەیی خاکی عێراق دەپارێزن، ئایا هاتنی سوپای تورکی ئەتککردنی ئەو سەروەرییە نیە؟ ئەمانە هەمووی پرسیار گەلێکن کە دەبێت پارتی و بەتایبەتی یەکیەتی جوابیان بدەنەوە. ڕوخانی ڕێژێمی عێراق دەکرێت ببێتە هۆی گۆرانکاری گرنگ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا. کورد کەڵکی لە شەڕی عێراق – ئێران و شەری کەنداو وەرنەگرت وەکو پێویست، ئەگەر ئەم جارەیش ببین بە پاشکۆی ڕوداوەکان ئەوا نەک دەبێت خۆزگە بە پار بخوازین، بەڵکو خۆزگە بەسەردەمی عوسمانیەکان بخوازیین!

بە هیوایساڵێکی پڕ لە گۆرانکاری و تەبایی و ئاشتی و سەربەخۆیی کوردستان.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت